

# بازرگانانی سێکس

حەمە سەعید حەسەن

✿ زۆربەی قوربانییەکانی بازرگانیی لەشفرۆشی، ژنانی سەر بە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپان، ساڵانە نیو ملیۆن ئافرەت بە ئەوروپای خۆرئاوا دەفرۆشرێن، زۆربەیان رەوانەی ئەڵمانیا، یۆنان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و بەریتانیا دەکرێن، UN پێی وایە ساڵانە لە جیهاندا بازرگانی بە لەشی چوار ملیۆن ژن و منداڵەوە دەکرێت، هەنووکە نزیکەی هەشت سەد هەزار ژنی لەشفرۆش لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا هەن، سێ سەد هەزاریان لە ئەڵمانیان و هەر سێ پیاوی ئەڵمانیایی یەکێکیان لای کەم جارێک سێکسی کڕیوە. لە سوید سێ هەزار ژن لەش دەفرۆشن و هەر لە هەشت پیاویش یەکێکیان جارێ لە جاران سێکسی کڕیوە. قوربانیی یەکەم لەو بازرگانییەدا کە ژنە، سەرەتا بە چەشەی کاری مسۆگەر و مووچەی بڵند راو دەکرێت و دواتر وەک کۆیلە دەفرۆشرێت. ئەو ئافرەتانە پاسپۆرتەکانیان زەوت دەکرێت و وەک ئاژەڵ لەم وڵاتەوە بۆ ئەوی دی دەگوێزرێنەوە و ناچار دەکرێن لەشیان بفرۆشن.

ئەگەر لەشفرۆشی بکرێتە کارێکی یاسایی، ئەوا بازاڕی بازرگانی بە لەشی ژنەوە کردن، چەندان هێندەی دیکە گەرم دەبێت و زەرپایەک لە شوێنی لەشفرۆشی پەیدا دەبێت و ئەوسا دەڵاڵانی لەشفرۆشی ئاسانتر ژنانی کۆیلەیان لەو زەریایەدا، لە سویدیشدا کە لەشکڕین تێیدا تاوانە، بۆ حەشار دەدرێت. (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا) وەک پەنابەری نایاسایی دەروانێتە ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانیی بازرگانیی لەشفرۆشی، ئەمەش کاری دەڵاڵانی ئاسانتر کردووە، ئاخر دەڵاڵیکردن لە گەلێک لە وڵاتانی EU دا تاوانە. هێشتا ئەوروپا لە قۆناغی کۆیلایەتیدا دەژی، ئەوە نییە ژن بێ ویستی خۆی بازرگانیی پێوە دەکرێت.

هەنووکە کە یەکێتیی ئەوروپا لە هەوڵی بە یاساییکردنی لەشفرۆشیدایە، دەزانێت زۆرن ئەو لایەنانەی لەو بازرگانییە پۆخڵەدا سوودمەند دەبن، وەک: دەوڵەت، (ئاخر لەشفرۆشتن دەبێتە پیشە و باجی لەسەر دەبێت.) دەزگاکانی گەشتوگوزار، کۆمپانیاکانی تاکسی، ئوتێلەکان، چێشتخانەکان، بارەکان، ئەمە وێرای شوێنەکانی لەشفرۆشی، یانە جۆراوجۆرەکانی شەوان و کۆمپانیاکانی فیلمی رووت، لە ئەمستردام کە خاوەن بارێک ژنێک بە هەزار دۆلارێک دەکرێت، مانگانە لە ئەنجامی فرۆشتنی لەشی ئەو ئافرەتەوە، بیست هەزار دۆلاری دەست دەکەوێت، ئەگەر لەشفرۆشی بکرێتە کارێکی یاسایی، سوودمەندی یەکەم دەڵاڵە و هی دووەمیش دەوڵەت. یوئێن لای وایە ساڵانە لە جیهاندا تەنیا ئەو تاوانکارانەی بازرگانی بە فرۆشتنی لەشی ژنانەوە دەکەن، نزیکەی حەوت ملیارد دۆلاریان چنگ دەکەوێت.

یەکێک لەو شێوازە باوانەی ژنی بەرەو لەشفرۆشی پێ فریو دەدەرێت، بانگکردنێتی بۆ ئیشکردن لە یانەیەکی شەوانەدا، هەر ئەو شەوەی پێوەندیی بە یەکێک لەو یانانەوە دەکات، ئیدی پێوەندیی بە کۆمەڵگاوە نامێنێت، ئیدی پیاو کە پارەی پێیە، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، هەر کە خواستی ئەتکی بکات. ئەو ژنە ناچاری لەشفرۆشی دەکرێت، چونکە رۆژانە چەند پیاوێک دەبینێت کە پێشتر هیچ شتی تایبەتی و هاوبەشیان لە نێواندا نەبووە، هەست بە پیسبوونی خۆی دەکات، لەشفرۆش گەرچی دوای هەر ئەتککردنێک جەستەی خاوێن دەکاتەوە، بەڵام هەست دەکا، گیانی بە پۆخڵی ماوەتەوە. ئەمە هەستی هەموو ژنێکی لەشفرۆشە، با خۆی دانیشی پێدا نەنێت، ئەستەمە ژن دەرگایەکی کراوە شک ببات و لە دەرگای لەشفرۆشی بدات.

لەشفرۆش هەیە دەڵێت: لەشفرۆشی پیشەیەکی باشە، چونکە خۆت بڕیار دەدەیت، کەی و چۆن کار دەکەیت، خۆت بەرپرسی خۆتی، دەستکەوتێکی باشت دەبێت و خەڵکیش دەبینی و پیاوی تەنیاش زۆرن، پێویستیان بە سێکس هەیە، بە هانای ئەو پیاوانەشەوە دەچیت. لێ پێناچێت ئەوە قسەی دڵی هیچ لەشفرۆشێک بێت.

هەندێک دەڵێن: لەشفرۆشی هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت، جا باشتر نییە ببێتە پیشەیەکی ئاسایی، ئاخر ئەگەر وەک ئیشێکی یاسایی سەرنجی بدرێت، سێکسفرۆش هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، چونکە ناچار نابێت، نەوێرێت باسی ئیشەکەی بکات، ناچار نابێت لە شوێنی نهێنیی وادا لەشی بفرۆشێت کە ئەگەری ئەوە هەیە روو بە رووی زەبر و زەنگ ببێتەوە.

لە سوید کڕینی سێکس دەکەوێتە خانەی زەبرو زەنگ دژی ژن بەکارهێنانەوە و بە گوێرەی یاسا تاوانە و سزای لەسەرە، بەڵام لەشفرۆشتن ئازادە، لە بەریتانیا و ئیرلاند سێکس کڕین ئازادە بەڵام بە نهێنی، لە ئەڵمانیا، هۆڵاند، نەمسا و یۆنان لەشفرۆشتن ئیشە و لەشفرۆش باج دەدات، فینلاند، دانمارک و فەرەنسا پێ دەچێت شوێنپێی سوید هەڵبگرن، نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دادگای یەکێتی ئەوروپا بڕیاری دا، مۆڵەتی کار بەو ژنە چیکی و پۆڵۆنییانە بدات، کە خوازیارن لە ئەڵمانیا بە لەشفرۆشتن بژێوی خۆیان دابین بکەن.

لە روانگەی (ستیڤانێ کلی)وە کە ژنە لەشفرۆشێکی بەرلینینشینی ٤٨ ساڵەیە و بیست ساڵە لەشی دەفرۆشێت، ئەو یاسایەی سوید گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. ئەو پێی وایە هەموو کەسێک بۆ ئەوەی بەختەوەر بێت، پێویستی بە سێکسە و کەم کەس بەوە قایلە تەنیا پێوەندی لەگەڵ یەک ژندا هەبێت و لەشکڕین شتێکی تایبەتییە و دەوڵەت مافی ئەوەی نییە خۆی تێهەڵقورتێنێت، کارولینە ژنە سویدییەکی بیست و هەشت ساڵەیە، بە نهێنی لە رێی ئینتەرنێتەوە، بەو هیوایەی پارەی خانوویەک پێکەوە بنێت، لەشی دەفرۆشێت و مانگی دوو هەزار دۆلارێک پەیدا دەکات. ئەو پێی وایە کۆمەڵگا ناچاری دەکات، بە دزییەوە ئەو کارە بکات و گەر سوید کراوەتر بووایە، ناچار نەدەبوو، بە دوو روو بژی.

ژنانی لەشفرۆش:

* بە ئاسانی دەبنە کوهولی و کۆیلەی نارکۆتیک.
* نزیکەی هەمیشە، سەریان، پشتیان، گەدە و ریخۆڵەیان دێشێت.
* دەزگای زاوزێیان دووچاری نەخۆشی دەبێت.
* وەتاق دەکەونەوە و نە دۆستیان دەمێنێت، نە خێزان.
* بە هیچ شوێنێکەوە پەیوەست نین و هەست بە بێلانەیی و بێوڵاتی دەکەن.
* چونکە کۆمەڵگا سووک سەرنجیان دەدات، زۆر بە زەحمەت دەتوانن خۆیان لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنن، لە هیچ کوێ هەڵناکەن و لەگەڵ کەس ناحەوێنەوە.
* لە هەواری بێئیشیدا دەگیرسێنەوە.
* نە لە لەشولاری خۆیان رازین، نە حەزیان لە سێکس دەمێنێت، نە بروا بە هیچ پیاوێک دەکەن.
* دووچاری هەست بە پەشیمانی کردن، بێخەوی، خەمۆکی و خۆبەکەمزانی دەبن و بەردەوام بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە.■

٢٠٠٢/١٠/٣١

*** زنجیرە راپۆرتێک کە کریستینا لارسۆ و نیکا ئامو ئامادەیان کردووە و رۆژانی ٢٨ تا ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ لە رۆژنامەی Aftonbladet ی سویدیدا بڵاو کراوەتەوە، سەرچاوەی ئەم کورتە باسەیە.**